# بایەخی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت

م.ی. رەفیق صابر حمەکریم
rafiq.hamakarim@univsul.edu.iq
بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی

م.ی. کوێستان قادر سعید
kwestan.saeed@univsul.edu.iq
بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی
زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

م.ی. شنە احمد امین
shna.amin@univsul.edu.iq
بەشی ڕاگەیاندن- کۆلێژی
زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:2025/4/1

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:2025/9/11

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بە ئاگاداربوون لە بایەخی پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییە کوردییەکان بە گرنگیدان و بڵاوکردنەوەی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە وەک توێژێکی گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگە جێگای بایەخن. بە میتۆدی وەسفی و بە بەکارهێنانی شێوازیی شیکاری ناوەڕۆک، لەڕێگەی ئامرازی فۆرمی شیکارییەوە پەیڕەوکراوە. (٤٦) بابەتی میدیایی بڵاوکراوە بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار لە پێگەی ئەلیکترۆنی(K24) ، لە ماوەی شەش مانگدا لە (٢٠٢٣/٧/١ بۆ ٢٠٢٣/١٢/٣١) وەک سامپڵی توێژینەوە دیاریکراون و شیکارییان بۆ کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: - زانینی ڕادەی خستنەڕووی کێشەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، هەروەها ئاستی بایەخ پێدانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە پرسی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان و ڕادەی ڕەچاوکردنی بارودۆخیان لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە:

١ -پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەڕادەیەکی زۆر بایەخی بەبوونی کێشەکانی پەیوەست بە بژێوی ژیانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت داوە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەروەها نەتوانراوە دەرفەتیان بۆ برەخسێنرێت بۆ دەستکەوتنی کار و پیشەی تایبەت بە خۆیان، کە جۆرێک لە نائومێدیان پێدەبەخشێت.

٢ -پێگەی K24 هەوڵیداوە سەرجەم و پرس و بابەتە دیارەکانی پەیوەست بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەبەرچاوبگرێت، کە لە پلەی یەکەمدا بایەخی بە پرسی تەندروستی داوە، پاشان پرسی ئابوری بەهەند وەرگرتووە.

٣ -پێگەی ئەلیکترۆنیK24 لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکاندا، زۆرترین بایەخی بەشێوەی نوسراو و ڤیدیۆیی داوە و کەمترین بایەخی بۆ زمانی ئاماژە هەبووە، لەکاتێکدا هەندێک لە کەسانی خاوەندپێداویستی تایبەت لە جۆری نابینا و نابیستن، ناتوانن پەیامە میدیاییەکان وەربگرن. هاوکات هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەستەواژەی بەکارهێنراو بۆ دەرخستنی کێشە و پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاربهێنێت و بەشێوەیەکی بەهێز وێنایان کردوون.

**کلیلە وشەکان:** بایەخ، پێگەی ئەلیکترۆنی، خاوەن پێداویستی تایبەت.

## پێشەکی:

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین توێژەکانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی هەر هەرێم و دەوڵەتێک کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتن، کە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەربوارێک لەبوارەکانی ژیاندا هاوکاریان بن، چونکە بەهۆی لەدەستدانی ئەندامێك یان زیاتری جەستەیان بە بەردەوامی لەدۆخێکی دەروونی نائارمدا ژیان دەکەن. لێرەدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک یەکێک لە پێویستییەکانی دنیای ئەمڕۆ لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، پشکی شێری بەردەکەوێت لە هاوکاریکردنیان بە گواستنەوەی کێشەکانیان و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بارودۆخ و پێداویستییەکانیان، یاخود دروستکردنی وێنەیەکی زهنی باش لەلای تاک، هەروەها دروستکردنی ڕای ئەرێنی و گۆڕینی ڕەفتاریان. هاوکات وەک ئەرکێکی میدیایی لە هەر شوێن و ساتێکدابێت هەوڵ بۆ یەکسانکردنەوەیان لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا دەدات، بەتایبەتی لەئێستادا کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی دەرکەوتنی ئینتەرنێت و دامەزراندنی پێگەی ئەلکترۆنی دەتوانێت بەبێ بەربەست پەیامەکانی بگەیەنێتە جیهان.

sjh@univsul.edu.iq

بەگوێرەی ئامارە تەندروستییە جیهانییەکان ئێستا ژمارەیەکی زۆر خاوەن پێداویستی تایبەت هەن، بەهەمان شێوە هەرێمی کوردستان خاڵی نییە لێیان، هەندێکیان هۆکاری کەمئەندام بوونیان دەگەڕێتەوە بۆزگماکی، یاخود بۆ ئەو بارودۆخە سەربازی و دژوارییەی کە لەدەیەکانی سەدەی رابردوودا بەخۆییەوە بینیووە. لەو سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بایەخپێدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت بە مەبەستی خستنەڕووی ئەو کێشە و گرفت و کەلێنانەی تایبەت بە پرسەکانی ئەو توێژە گرنگە بەدیدەکرێن، کە پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی (K24) بە نمونە وەرگیراوە، کە زۆرترین بابەتی پەیوەست بەو پرسە بڵاوکردووەتەوە پاش گەڕانی ووردی توێژەران ئەم ئەنجامەیان بۆ دەرکەوت کە خاوەنی تایبەتمەندی کارلێکی و بەردەوامییە و هەوڵدەدات لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا رووماڵی هەواڵ و بابەتە ناوخۆیی و جیهانییەکان بکات. توێژینەوەکە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت. بەشی دووەم: پێکهاتووە لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە و بەشی سێیەم: تایبەتکراوە بەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی. پاشان چەند دەرئەنجام و پێشنیار و راسپاردەیەک خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

لە ئێستادا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان سەکۆیەکن بۆ گەیاندنی کێشە و پرسە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە. لەو روانگەیەوە کێشەی توێژینەوەکە سەرچاوە دەگرێت بە خستنەڕووی ئەو کەم و کورتی و ناڕوونییەی لە پەیامی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا بەدیدەکرێت و تاڕادەیەک نەیان توانیوە وێنەیەکی زهنی باش لای وەرگری کورد دروست بکەن، بەتایبەت لەگەیاندنی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە توێژێکی دیاری کۆمەڵگە کە خاوەن پێداویستە تایبەتەکانن. بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە توێژەران ئەم پرسیارانە دەخەنەڕوو:-

١-ئایا پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان چۆن و بەچ شێوەیەك کێشەی خاوەن پێداویستە تایبەتەکانیان خستۆتەڕوو؟

٢- تا چەند پێگە ئەلیکترۆنییەکان بایەخیان بە پرسی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان داوە؟

٣- ئایا پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە گەیانی پەیامەکانیاندا ڕەچاوی بارودۆخی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانیان کردووە؟

### دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی و بایەخی توێژینەوەی زانستی لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاخۆ ئەو باسە تا چەند کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگە هەیە، لە هەمانکاتدا چەند لە بنەکۆی زانیاریی لەبارەیەوە زیاد دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە:-

**ا- گرنگی توێژینەوە بۆ کۆمەڵگە:** خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەشێکی هەستیار و گرنگی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، کە داواکاری و خواست و دژوارییەکانی ژیانیان کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر کۆمەڵگە هەیە، لەبەرئەوە توێژینەوەکە دەبێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە لە ئەو گرفت و ئاستەنگییانەی دێتە بەردەم خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

**ب- گرنگی توێژینەوە بۆ بواری زانست:** بەپێی زانیاریی توێژەران توێژینەوەکە نوێیە و دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی و بۆ توێژەرانی دیکە، لەبەرئەوەی تائێستا بەزمانی کوردی توێژینەوە لەسەر هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆ (پێگەی ئەلیکترۆنی) و گۆڕاوی وابەستە (پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت) پێکەوە نەکراوە، کە گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی و خزمەت بە توێژی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکات.

### سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە ئەنجامدراوە بە ئامانجی:-

ا- زانینی ڕادەی خستنەڕووی کێشەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.

ب- ئاستی بایەخ پێدانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە پرسی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

پ- ڕادەی ڕەچاوکردنی بارودۆخی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانەوە.

### چوارەم: شێواز و میتۆدی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە ڕووی میتۆدەوە توێژینەوەیەکی وەسفییە، شێوازی شیکاریی ناوەڕۆکی تێدا بەکارهاتووە، کە بە یەکێک لەو شێواز و میتۆدانە دادەنرێت زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە توێژینەوە میدیاییەکاندا، لەو چوارچێوەیەدا توێژەران هەوڵیانداوە وەسف و شیکاریی ناوەڕۆکی پەیامەکانی پێگە ئەلیکترۆنییەکان بکەن لە خستنەڕوو و گەیاندنی پرس و پەیام و داخوازییەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

### پێنجەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە

sjh@univsul.edu.iq

کۆمەڵگەی تـوێژینەوەکە پێکـدێت لە نـاوەڕۆکی پەیـامە میـدیاییەکان لە ڕێـگەی پـێگە ئەلیکترۆنییەکـان، پەیامەکـانی پـێگەی ئەلیکترۆنی (K24) وەک نموونـە (سـامپڵ) لە مـاوەی (٢٠٢٣/٧/١ بـۆ ٢٠٢٣/١٢/٣١) وەرگیـراوە و بەشـێوەی هەڕەمەکـی مەبەستدار، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتە میدیاییەکانی (K24)، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرترین کاری لەسەر پرسی خاوەن پێداویسـتی تـایبەت کـردووە بە بەراورد بە پـێگە ئەلیکتـرۆنییە کوردییەکـانی دیـکە لە ئەنجـامی گەڕان و کێومـاڵکردنی پـێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی دیکە توێژەران بەو ڕاستییە گەیشتن.

توێژەران بە باشی دەزانن بۆ بەرچاوڕوونی توێژەرانی دوای خۆیان ناساندێک بۆ پێکەی ئەلیکترۆنی K24 بـکەن کە وەک نموونە (سامپڵ) وەرگیراوە؛ ئیوەندێکی میدیاییە. بێلایەنانە و پیشەییانە، بەرهەمێکی پـوختی میـدیایی بە شـێوەیەکی پرۆفیشـناڵ پێشـکەش بە بینـەر و بیسـەر و خوێنـەرانی دەکـات. بەجۆرێـک زانیـاریی ڕاسـت و درووسـت بـۆ وەرگرانـی کوردزمـان لە کوردسـتان و نـاوچەکە و تەواوی جیهـان بە زمانەکـانی (کـوردی- هەردوو شـێوەزاری "کرمـانجی، سـۆرانی" و ئینگلیـزی، عەرەبی، تورکی و فارسی) دەگوازێتەوە. (پێگەی ئەلیکترۆنیK24)

**شەشەم: ئامرازی توێژینەوەکە**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە؛ فۆڕمی شیکاریی وەک ئامرازی توێژینەوەکە کاری لەسەرکراوە، بۆ شیکارکردنی ناوەڕۆکی ئەو بابەتە میدیاییانەی کە لەڕێـگەی پـێگەی ئەلیکترۆنـی (K24) تـایبەت بە پرسـی خـاوەن پێداویستییە تایبەتەکـان بڵاوکراونەتەوە، کە پێکهاتووە لە (١١) دەستە و (٥٥) یەکە بـۆ شـیکارکردنی تـایبەت بە شـێوە و ڕواڵەتـی نـاوەڕۆکی پەیـامە میدیاییەکان.

**حەوتەم: دیاریکردنی سنوری توێژینەوەکە**

**ا- سنوری شوێن**: هەرێمی کوردستان/ پارێزگای (سلێمانی، هەولێر)، کە پێگە ئەلیکترۆنییە لێتوێژراوەکە پەخشی لێوەدەکات.

**ب- سنوری بابەت:** ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی (K24) وەرگیراوە.

**پ- سنوری کـات:** ماوەی شەش مانگ لە (٢٠٢٣/٧/١ تا ٢٠٢٣/١٢/٣١) بابەتەکانی پەیوەسـت بە پرسـی خـاوەن پێداویسـتی تایبەت وەرگیراوە.

**هەشتەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**ا- سارا صالح کریم (٢٠٢٣): گونجاندنی دەروونـی و کـۆمەڵایەتی خێزانـی خـاوەن منـداڵی داون سـیندرۆم:** تـوێژینەوەیەکە تایبەت بە (گونجاندنی دەروونی و کـۆمەڵایەتی خێزانـی خـاوەن منـداڵی داون سـیندرۆم)، کە لە ماسـتەرنامەیەکدا لە هەرێمـی کوردسـتان کـاری لەسـەرکراوە. تـوێژینەوەیەکی (وەسـفی)یە و ڕێبـازی (ڕوپێـوی کـۆمەڵایەتی بە ڕێـگەی نمـوونەیی) تێـدا بەکارهـاتووە، کـۆمەڵگە و نمـوونەی تـوێژینەوەکە لە جـۆری مەبەسـتداری سـاکارە و بـریتییە لەو دایـک و باوکـانەی کە منـداڵەکانیان لە پەیمانگـا و خوێنـدنگە و بـاخچە حکـومی و ناحکومییەکـانی ناوشـاری سـلێمانین کە تـایبەتن بە منـداڵی داون سیندرۆم، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوا) کە ژمارەیـان (١١٥)یە، تـوێژەر ئـامرازی (پێوەری گونجاندنی دەروونی و گونجاندنی کۆمەڵایەتی) بەکارهێناوە. ئامانجی توێژینەوەکە بـریتییە لە: دەرخسـتنی دیـارترین ئەو کێشـــە دەروونـــی و کۆمەڵایەتیـــانەی کە خێزانـــی خـــاوەن منـــداڵی داون ســـیندرۆم دووچـــاری دەبـــنەوە. لە گرنگتـــرین دەرئەنجامەکانی پێیگەیشتووە: سەرەڕای ئەو ئاستە باشە لە گونجاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی خێزانـی خـاوەن منـداڵی داون سیندرۆم چەندین جۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕوویـان دەبێـتەوە، هەنـدێکیان بـارودۆخی نەخۆشـی منـداڵە داونەکە ڕۆڵ دەبینێت لە دروستکردنی کێشەکاندا، لەوانە کەم بوونەوەی پەیوەنـدی هاوسـەران لەگەڵ یەکتـردا و لەگەڵ منـداڵەکانی تـردا بە هۆی زیاتر گرنگیدان بە منداڵە داونەکەیان، بەڵام هەندێکی تریان بەهۆی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و کەسە نزیکەکـانی خێزان وەک (خزمەکان، هاوڕێکان و هاوپیشەکان) بەتایبەتی درووست دەبێت.

**ب- سالم احمد عبده و اخرون (٢٠٢١): تعرض ذوی الإحتیاجات الخاصة للصحف الالكترونية المتخصصة في الاعاقة وعالقتها بإدراك الواقع االجتماعی لديهم**: توێژینەوەیەکە دەربارەی (بەرکەوتنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی تایبەتمەند بەکەمئەندامان و پەیوەندی و تێڕوانینیان بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی) لە قاهرە ئەنجامدراوە، توێژینەوەکە ئەنجامدراوە بە ئامانجی: دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەلیکترۆنییانەی کە تایبەتمەندن بە کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێویستی تایبەت، هەروەها ڕادەی بەرکەوتنیان بە ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان. توێژینەوەیەکی (وەسفی)یە و ڕێبازی (ڕووپێوی نمونەیی) تێدا بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قۆناغی ئامادەیی لە شارەکانی (القاهرة، الجیزة والقلیوبیة)، لە نموونەی توێژینەوەکەدا توێژەران (٢٠٠) کەسی خاوەن پێداوستیان وەرگرتووە، بە جۆرێک کە (١٤٠) لێتوێژراو لە جۆری کەم بیست و ناگۆن و (٦٠) لێتوێژراوی دیکە لە جۆری جەستەیی واتە جوڵەیین. توێژەران پشتیان بە ئامرازی (فۆڕمی ڕاپرسی) بەستووە. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە: دەرکەوتووە ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن بە ڕێژەی ٦٥% بەرکەوتنیان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری

ئەلیکترۆنی تایبەت بە کەمئەندامان هەیە، کە بە ڕێژەیەکی بەرز گرنگیان بە وێنە و ڤیدیۆ داوە بۆ گەیاندنی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت. هەروەها ژانری (هەواڵ) لە پلەی یەکەمدا دێت کە لێتوێژراوان پێیان وابووە کە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەلیکترۆنییە تایبەتمەندەکان گرنگیان پێداوە لە گەیاندنی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت، پاشان (لێکۆڵینەوە، دیالۆگ، ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕیکلام) لە پلەکانی دواتردان. لەگەڵ ئەوەدا لە گەیاندنی پەیامەکانیاندا بە ڕێژەی جیاواز وێنەی وەستا، ئەنیمەیشن، وێنەکێشان، زیادکردنی کۆمێنت، ڤیدیۆ و بەستەر، مالتیمیدیا، پێشبڕکێیەکان، ڕەنگەکان و دەنگەکان بەکارهێنراوە. هەروەها پرسەکانی چاودێری پزیشکی، چاکسازیی، مافی یاسایی و مەدەنی، هۆشیارکردنەوە و ڕێنماییکردنی هاوسەرگیری کەمئەندامان لەگەڵ یەکتر یاخود لەگەڵ کەسانی ئاسایی، دامەزراندن و کارکردن و دامەزراندنی کەمئەندامان، بە ڕێژەی جیاواز کاریان لەسەر کراوە.

**ب- آیة سمیر صالح منصور (٢٠٢٠): تناول مواقع التواصل االجتماعي لقضايا ذوي الإحتياجات الخاصة:** توێژینەوەیەکە دەربارەی (دەرخستنی کێشەی خاوەن پێویستی تایبەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە)، توێژینەوەکی (وەسفی)یە و ڕێبازی (ڕووپێوی) تێدا بەکارهاتووە، کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەم ئەو هەواڵ و بابەتانەی کە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک، تویتەر و ئینستگرام) تایبەت بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت بڵاودەکرێنەوە، توێژەر پشتی بە ئامرازی (شیکاریی ناوەڕۆک)بەستووە، بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی تەواو دروست و پەیوەست بە ئامانج و پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە. ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە: دەرکەوتووە ڕێژەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەکاردەهێنن، کە گرنگترین بابەتی پەیوەست بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پەیجەکانی فەیسبووکدا دەبینرێن کە تایبەتن بە مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**نۆیەم: سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەران توانیویانە لەڕووی جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە، سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەربگرن، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی چۆنییەتی دارشتنی پلان و ڕێکخستنی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و گەڕان بەدوای سەرچاوە زانستییەکان و بەدەستخستنیان سەبارەت بە هەر دوو گۆڕاوی سەربەخۆ (پێگەی ئەلیکترۆنی) و گۆڕاوی وابەستە (خاوەن پێداویستی تایبەت) سوودیان لێ وەرگیراوە.

لە پاش ئەنجامدانی ڕێکاری زانستی توێژینەوەکە توێژەران گەشتنە ئەوەی: توێژینەوەکە لەڕووی بەکارهێنانی جۆر و میتۆدی توێژینەوەی وەسفی، هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی (عبده و اخرون ٢٠٢١، منصور ٢٠٢٠، کریم ٢٠٢٣)، بەڵام لەڕووی بەکارهێنانی فۆرمی شیکارییەوە جیاوازە، هەروەها جیاوازی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو لە چۆنییەتی بەکارهێنانی سامپڵ و جۆری پێگەی ئەلیکترۆنی کوردییە (K24) دەردەکەوێت.

**دەیەم: شیکردنەوەی چەمکەکان**

- **بایەخ:** گرنگیپێدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە پرسەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
- **پێگە ئەلیکترۆنییەکان:** سەرجەم ئەو پێگە و ماڵپەرە ڕەسمی و نارەسمییانە دەگرێتەوە کە پەیامەکانی میدیا سەربەخۆکان یان پشت بەستوو بە لایەنێک لە چوارچێوەی یاسا و کارە ڕۆژنامەنووسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی بڵاودەکەنەوە.

- **پرس:** گرنگیدان و کاردن لەسەر سەرجەم ئەو پرس و دۆزانەی تایبەت کراون بە توێژی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
- **خاوە پێداویستییە تایبەتەکان:** بەو کەسانە دەوترێت کە لە بنەڕەتدا توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان نییە؛ بەهۆی بوونی کێشەیەک لە ئەندامێکی جەستەیاندا، کە بە هۆکاری زگماکی یاخود هۆکاری ژینگەیی ئەندامێکیان لەدەستداوە و پێویستیان بە ڕاهێنانەوە و هاوکاری دەوروبەر هەیە بۆ چارەسەرکردنیان لەڕووی (بینین، بیستن، فێربوون، جووڵە، ژیری و ...).

**بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**١- ناساندن و پێناسەی پێگەی ئەلیکترۆنی:**

لەبەردەم تۆڕی ئینتەرنێتدا بۆشایی ئاسمان کراوەیە و لە تواناییدایە ژمارەیەکی بێشوومار لە پێگەی ئەلیکترۆنی تێدا دروست بکرێت، کە لە تەواوی جیهاندا ژیانی مرۆڤی ناچارکردووە وابەستە و گرێدراو بێت پێوەی. هاوکات بەهۆی گەشەکردنی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیاوە، هەر تاکێکی کۆمەڵگە دەتوانێت کاروچالاکییەکانی لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ئەنجامبدات.

دەرکەوتنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی زانیاری. لە ئێستادا سەدان ملیۆن پێگە لەسەر تۆڕی وێب لەلایەن تاک و دامەزراوەکانەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان دامەزێنراون، بەئامانجی کاریگەری دانان لەسەر جەماوەر (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٧٨). پێگەی ئەلیکترۆنی دەناسێنرێت بەوەی بریتییە لە:

- کۆمەڵێک لاپەڕەی پێکەوە بەستراوە لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا، کە تایبەتە بە بابەتێک یان چەند بابەتێکی دیاریکراو، بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن تاکە کەسێک یان دامەزراوەیەکەوە بەڕێوەدەبرێت (السوداني و المنصور، ٢٠١٦: ٥١).

- بەیەکێک لەجۆرەکانی راگەیاندنی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، لەبەردەم بەکارهێنەرانیدا واڵایە کە بەبێ بەرامبەر یاخود بەبڕێک پارە بەشداربێت لە بەکارهێنانیدا (أطرش، 2٠١٢: ٦٣).

لە ژێر رۆشنایی ئەو پێناسانەدا توێژەران دەگەنە ئەوەی کە پێگەی ئەلیکترۆنی: بریتییە لەو سەکۆیەی هەر کەس و رێکخراو و دامەزراوەیەک بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و کار و چالاکییەکانیان بە وەرگر و دروستکردنی پەیوەندییەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە نێوانیاندا دایدەمەزرێنن، یاخود دەروازەیەکە بۆ ناساندنی دامەزراوەیەک یان کەناڵە میدیاییەکان بە (نووسرا و بینراو و بیستراو)ەوە، کە بابەتە میدیاییەکانی تێدا پەخش و بڵاودەکرێنەوە.

پێگە ئەلکترۆنییەکان لەرووی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن جیاوازن و بەپێی سروشتی پێگەکە دیاریدەکرێن، لەو روانگەیەوە دەکرێن بەچەند جۆرێکەوە:

**ا- پێگە رۆژنامەنووسییە تایبەتەکان:** دامەزراوەیەکی رۆژنامەنوسین، بەوە جیادەکرێنەوە کە لەچوارچێوەی ژانرە رۆژنامەنوسییەکاندا: (هەواڵ، راپۆرت، چاوپێکەوتن، فیچەر، دۆکیومێنتاری و ...)؛ پشت بە هەیکەلی کارگێریی رێکخراو و رۆژنامەنوسان دەبەستن، ئەرکی ئاراستەکردن و رێنوێنیکردنی خوێنەرە لەرێگەی ناوەرۆکی ئەو پەیامانەی پێگەکە بڵاویدەکاتەوە.

**ب- پێگە تەواوکارەکان:** کاری دامەزراوە میدیاییەکان تەواو دەکەن، بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیامەکانیان، کە لە نێو پەڕەی رۆژنامەکان یاخود کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و وێبسایتەکانیاندا بڵاویان کردووەتەوە و جارێکی دیکە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بەبێ ئەوەی پەیامێکی جیاواز بەرهەم بهێنن لە پێگەکاندا پەخش دەکرێن و دەبێتە پاڵپشتێکی باش بۆ دامەزراوەکە (جدید، ٢٠١٤: ٢٤٦).

**پ- پێگە کارلێککارەکان:** کار لەسەر پرۆسەی کارلێککاریی لەگەڵ سەردانیکارانیان دەکەن، لەرێگەی (پانتاییە نوسراوەکان، ژوورەکانی چات، دیالۆگە دەنگییەکان) (سليمان، ٢٠٠٩: ٣٣).

**ت- گروپەکانی پۆستە ئەلیکترۆنییەکان:** ئەم پێگانە هەیکەلێکی کارگێریی گەورەیان نییە. ئەو ئەندامانەی ئەم جۆرە پێگانە بەڕێوەدەبەن یاخود هاوبەشن تیایدا، مەرج نییە لێهاتویی و شارەزایی رۆژنامەنوسییان هەبێت، بەڵکو پێویستە توانای ئیدارەدانی گفتوگۆیان هەبێت.

**ج- پێگە پاڵپشتکارەکان:** سەر بە رێکخراو و دامەزراوەکانن، کاروچالاکییەکانیان دەناسێنن، بەتایبەت دامەزراوە قازانج نەویستەکانی وەك دامەزراوەکانی (خێرخوازیی، زانستیی، خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، فکریی و رۆشنبیرییەکان).

**چ- پێگە بازرگانییەکان:** بەوە جیادەکرێنەوە، کە پاڵپشتی کۆمپانیایەک یاخود ناوەندێکی بازرگانیی دەکات کە خاوەندارێتی لە ئەستۆییدایە. (نامق، ٢٠١٩: ٤٥).

**٢- چەمک و پێناسەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان:**

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەك چەمك پەیوەندییەکی دینامیکی بە چەند چەمکێکی هاوشێوەی خۆیەوە هەیە، وەك: (دەستەی تایبەت لەخەڵک، توشبوو، ناتەواو، کەم ئەندام ...). جێگەی ئاماژەیە کە پسپۆر و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر چەمکی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەیە، بەهەمان شێوە چەمکەکە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. بەپێی ڕێکخراوەکانی چاودێریی ئەو پێداویستیانەی پێشکەشیان دەکرێت چەمکەکە دەگۆڕێت (يحى و عبدالله، ٢٠٠١: ١٩)، سەرباری ئەوە ڕیکخراوی چاودێرانی تەندروستی ناوی تایبەتیيان بۆ هەر گروپێکی خاوەن پێدویستییە تایبەتەکان بەکارهێناوە، هەربۆیە ناولێنانەکان بەپێی سروشتی چارەسەرکردنی پزیشکی و ئامادەکارییە پزیشکییەکان دەکرێت .

بەکارهێنانی زاراوەی خاوەن پێداویستی تایبەت، گشتگیرتر و فراوانترە لەچەمکەکانی (کەم ئەندام، توشبوو، بێ توانا)، چونکە سەرجەم جۆرەکانی کەم ئەندامبوونی کەسێک دەگرێتەوە لەڕووی (جەستەیی، ئەقڵی، دەروونی، هەستەوەری)یەوە، لەبەرئەوە شارەزایانی بواری دەروونناسی کۆکن لەسەر ئەوەی زاراوەی کەم ئەندام کاریگەری دەروونی، لەلای کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دروست دەکات (النوايسة، ٢٠١٣: ٣١).

نوسینگەی تایبەت بەکاروباری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئاماژە بەوە دەکات، خاوەن پێداویستیی تایبەت؛ بەکەسێك دەوترێت کە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی نەبێت چ وەك تاك یان کۆمەڵ، لەسۆنگەی کەم و کورییە جەستەییەکانییەوە کە بە هەر هۆکاری زگماکی یاخود ژینگەییەوە لەدەستیدابێت. (ابراهيم، ٢٠٠٢: ٢٤)

لێرەوە دەکرێت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی جۆری کەم ئەندام بوونیان پۆلێن بکرێن:
**ا- جوڵەی جەستەیی:** ئەو جۆرە لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەگرێتەوە، کە توانای جوڵە پێکردنی ئەندامێکی لەش یاخود هەموو لەشی پێکەوە نییە، بە هۆکاری تێکچوونی (فەرمانە دەمار، ئێسك و جومگە)وە توانای ئەنجامدانی فەرمان لەدەست دەدەن (سلطان، ٢٠٠٥: ٢٤).
**ب- نەبوونی یەکێک لە هەستەوەرەکان:** بەو کەسانە دەوترێت یەکێك لە هەستەوەرەکانی لەدەستداوە، لەوانە هەستی بینین، کە دەبێتە هۆی نابینایی، یان ئەوانەی کێشەی بیستنیان هەیە، یاخود توانای قسەکردنیان نییە، هەروەها ئەوانە دەگرێتەوە کە توانای بۆنکردن و تامکردنیان لەدەستداوە، ئەمەش لە ئەنجامی تووشبوونی هەستە دەمارەکانی نێو کاسەی سەر روودەدات (فهمي، ٢٠٠٥: ٢٠).
**پ- خاوەن پێداویستی ئەقڵی (بیرکوڵ)ی:** ئەو کەسانەن کە توانای وەرگرتنی زانیاریان ئاسایی نییە، لەوانە دواکەوتن لە پرۆسەی خوێندن، یان ئەوانەی تووشی لە بیرچوونەوە دەبن، بە هۆکاری ئەوەی کەم وکوڕی هەیە لەدروستبوونی ئەقڵ، یان بەشەکانی مێشک (سيد سليمان، ٢٠٠٧: ٢٩).
**ت- خاوەن پێداویستی کۆمەڵایەتی:** ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی باش هەڵسوکەت لە گەڵ ژینگەکەیان ناکەن، لا دەدەن لەبیرو بۆچون و رۆشنبیری کومەڵگەکەیان، لەوانە: تاوانکاران، توند ڕەوەکانی ناو کومەڵگە ( السامرائي، ٢٠٠١: ٨٥).
ج- **خاوەن پێداویستی تەواوی ئەندامەکانی لەش:** پێی دەوترێت کەم ئەندامی تەواو، ئەوانە دەگرێتەوە کە تەواوی ئەندامەکانی لەشیان ئەرکی خۆیان جێبەجێ ناکەن، وەک کارنەکردنی پەلەکانی بە تەواوی یان لە هەستەوەرەکانی (عبد الحليم، ٢٠٠٧: ٣٨-٤٤).

**٣- کێشەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان:**

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ژیانی رۆژانەیاندا و بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەندامانی خێزان و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە و راییکردنی ئەرکەکانیان رووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت دەبنەوە لەوانە:
**١- هەڵچوونی دەروونی:** یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لەبەرئەوەی بەردەوام هەستدەکەن ئەوان جێگای بەزەیی و سۆزی خەڵکن، بەتایبەتی ئەوانەی کە جەستەیان شێواوە، لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند ناکرێن یاخود رووبەڕووی توانج دەبنەوە، ئەوەش کاردانەوەی نەرێنی و گرێی دەروونییان لەلا دروستدەکات (الزراع و حيمور، ٢٠١٧: ٤٣).
**ب- کێشەی بژێوی ژیان:** بارودۆخی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت وایکردووە کە زۆرێکیان توانای فێربوون و راهێنان و جوڵەی جەستەیی و ئەقڵیان نەبێت، تاوەکو ببنە خاوەنی کار و پیشەی خۆیان، ئەوەش وایکردووە رووبەڕووی بێکاریی ببنەوە و بۆ بەڕێوەبردنی بژێوییان پشت بەکەسانی دیکە ببەستن (السيد سالم و اخرون، ٢٠٢٤: ٩).
**پ- کێشەی خۆبەکەمزانی:** کاتێک کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت لەباری ناچارییدا بۆ هاوکاریی دارایی و تێچووی پێداویستییەکانی ژیانی، پەنا بۆ پاڵپشتیکردن و هاوکاریکردنی ئەندامانی خێزانی دەبات، هەست بەکەمی و لاوازی خۆیی دەکات و رووبەرووی ئازاری دەروونی دەبێتەوە.
**ت- هەستکردن بە تاوان:** یەکێکە لە کێشە دەروونییە بەرچاوەکان؛ کە کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت پێیوایە دۆخەکەی بەر ئەنجامی تاوانێکە، بۆیە بەردەوام رووبەڕووی ئازاری دەروونی دەبێتەوە و واهەست دەکات بارێکی گرانە بەسەر خێزان و کۆمەڵگەوە (نصرالله و عارف، ٢٠٢٣: ١٠٩).
**ج- پەیوەندی کۆمەڵایەتی:** گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات. جۆرێك لەباوەڕبوون بەخۆی و خێزان و کۆمەڵگە و کارلێککردن لەنێوانیاندا دروست دەبێت (خيرالله، ٢٠١٥: ٣٠٩)، بەڵام کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆرجار کەمتر ئارەزووی بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا دەکەن، هەست بەکەمی شوێن و پێگە و کەسایەتی خۆی دەکات و بەردەوام گۆشەگیر دەبێت.
**چ- کێشەی پەروەردە:** کێشەی خوێندنی کەم ئەندام لە خوێندنگاکاندا، یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکانیان، چونکە لەگەڵ هاوپۆلە ئاساییەکانیان هەست بە جۆرێك لە رەشبینی و جیاوازی دەکەن، لەبارەی بەرنامەی خوێندن و توانای وەرگرتنی، کە لەبنەڕەتدا بۆ خوێندکاری ئاسایی دانراوە (القمش، ٢٠١٣: ٣١).
**ح- نائومێدی:** ترس و دڵەراوکێی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەخودی خۆیان، بەهۆی ئەوەی کە لە توانایدا نییە خۆی ئامادە بکات بۆ هەر ئامانجێک کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، چونکە درک بە کۆسپ و تەگەرە دەکات لەبەردەم بەدیهێنانیاندا، لەبەرئەوەی بارودۆخە تایبەتەکەی رێگە نادات بە بەکارهێنانی تواناکانی و خۆریکخستن یاخود خۆیەکسانکردن و تێکەڵ بوونی لەگەڵ ژیانی ئاسایی خەڵکدا.

**٤- پێگە ئەلیکترۆنییەکان و پرسی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان:**

لەکۆندا تێڕوانینی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەرێنی بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی یۆنانیدا ئەفلاتون لەپێناو پاککردنەوەی کۆمارەکەی لەمرۆڤی ناتەواو، بانگەوازی دەکرد بۆ لەناوبردنی منداڵی کەم ئەندام (رماح، ٢٠٢٠: ٨)، هەروەها لەسەردەمی ئیمپراتۆری رۆمادا منداڵانی کەم ئەندام لە ئاوی ڕووبارەکاندا دەخنکێندران، بەهەمان شێوە لە سەردەمی دەسەڵاتی کەنیسەدا ئەوانەی توانای ئەقڵیان لاوازبوو، بەند دەکران و رووبەڕووی ئازاری جەستەیی دەبوونەوە (الأحمد، ٢٠١٦: ٤-٨)، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا و دروستبوونی دیجیتاڵ میدیادا، ئاستی هۆشیاریدان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لە زیادبووندابووە، بووەتە هۆکارێک کە سەرجەم ئاینەکان و گشت ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان تێڕوانینی ئەرێنییان لەسەر کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت، بەتایبەتی لە دوای شۆرشی فەرەنسا دەستکرا بە پەروەردەکردنی منداڵانی کەم ئەندام، هەروەها چەندین پەیمانگای تایبەت بۆ راهێنان و پەروەردەکردنیان لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کرایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئامرازەکانی راگەیاندن نەیانتوانیوە وەك پێویست گرنگی بە خواست و پێداویستییەکانیان بدات و ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکان بەشێوازیك ئاڕاستە بکات کەجێی بایەخیان بێت، چونکە ئامادەکردنی بابەتە میدیاییەکان نەتوانراوە وەک پێویست و لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئاماژە یاخود نووسینی تایبەت و دەنگ کە گونجاوبێت بەکاربهێنرێت، بەڵکو بەشی زۆری بەرنامەکان ئاراستەی خەڵکانی ئاسایی دەکرێت. لەبەرئەوە لەسەر بنەمای گۆرانکارییەکانی چۆنییەتی و چەندایەتی ئامرازەکانی میدیا، پێویستە لەسەر نێرەرانی پەیامە میدیاییەکان، پەیامەکان بەشێوەیەك ئاراستە بکەن لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت (عبد الفتاح، ٢٠١٤: ٥).

بەوپێیەی هیچ کۆمەڵگەیەك خاڵی نییە لەبوونی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، پێویستە ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی تایبەتە بە پرسەکانیان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە میدیادا کاری لەسەر بکرێت، بەجۆرێك بۆچوونی ڕایگشتی و دەسەڵاتداران بەرامبەریان لە(نەرێنی)یەوە بگۆڕێت بۆ(ئەرێن)ی، هەروەها تواناکانیان بەرز بنرخێندرێت (محمود، ٢٠٢٠: ٢٩٧). لەو ڕوانگەیەوە گرنگی رۆڵی راگەیاندن بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت، لەوانە:

١- دروستکردنی کەسێتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو کۆمەڵگەدا تاوەکو هەست بەبوونی خۆیان بکەن.

ب- گۆرینی بۆچوون و تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەریان.

پ- هۆشیارکردنەوەی کەم ئەندامان و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری لەلایان و هەستنەکردن بەبێ توانایی.

ت- دەرخستنی رۆڵی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەشێوەیەکی دیار و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا و بەهەند وەرگرتنی تواناکانیان (حەمە سەعید، ٢٠١٩: ١٣- ١٤).

**بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەی ئێستا بە مەبەستی بە ئاگابوون لە بایەخ و گرنگیپێدانی پێگەی ئەلیکترۆنی (K24)، بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت بە پشت بەستن بە میتۆدی شیکاریی ڕواڵەتی ناوەڕۆک بەچەند هەنگاوێکدا تێپەڕیوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

**١- دروستکردنی فۆڕمی شیکاریی:** بەو پێیەی ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی پاشوەختە، واتا فۆڕمێکی ئامادەکراو و پێشوەختە لەبەردەستدا نییە، لەبەرئەوە پاش دیاریکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە و بە سەرنجدان لە توێژینەوەکانی پێشوو، لەپاش گەڕانی توێژەران بە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا بە مەبەستی زانینی باخپێدانیان بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە ئەنجامدا پێگەی (K24) بە سامپڵی توێژینەوەکە دیاریکرا، دواتر توێژەران فۆڕمێکی شیکارییان دروستکرد و دەستە و یەکەکانیان دیاریکرد.

**٢- دیاریکردنی یەکەکانی شیکاریی:** توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەیەکەی وشە و وێنەی ڤیدیۆیی، کە لە هەر ژانرێکی میدیاییدا کاری پێدەکرێت، بەجۆرێک سەرجەم بابەتەکانی پەیوەست بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت وەرگیراوە و دەق و وێنە بەکارهێنراوەکان بە جیاجیا شیکارییان بۆ ئەنجامدراوە.

لە شیکاریی چەندایەتی ناوەڕۆکدا یەکە بەشێکە لە ناوەڕۆک و پابەندە بە ژماردن و چەندبارەبوونەوە کە شیکار دەکرێن و کێشەی توێژینەوەکەی پێ دیاریدەکرێت (فتح الله، ٢٠١٢: ٢٨)، کەواتە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دەق و وێنەیە، کە یەکەی وێنە هاوشێوەی یەکەی بڕگە و رستەیە لە بواری شیکردنەوەی دەقی نووسراودا. هەروەها بەو پێیەی "لە زمان و ڕێزمانی سینەمادا (گرتە = وشە) بەو مانایە دێت کە هەر گرتەیەک وشەیەکە و ئامڕازی پەیوەندیش ئەو کارتێکەرانەن کە گرتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە"(حەسەن، ٢٠١٧، ٥٩).

**٣- دیاریکردنی دەستەکانی شیکاریی:** بەشێوەیەکی گشتی لە شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکدا دەستەکانی شیکاری دابەشدەکرێن بۆ دوو جۆری سەرەکی، کە جۆری یەکەمیان وەڵامی پرسیاری (چی وتراوە)؟ دەداتەوە، کە تایبەتە بە ناسین و خستنەڕووی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی شیکارییان بۆ دەکرێت. جۆری دووەمیان وەڵامی پرسیاری (چۆن وتراوە)؟ دەداتەوە، کە زیاتر پەیوەستە بە فۆڕم و لایەنە هونەرییەکانی ناوەڕۆکەوە و شێوازەکانی دەخاتەڕوو نەک بابەتەکەی. فۆڕمی شیکاری ئەم توێژینەوەیە، پشتی بە هەردوو جۆری (چی وتراوە و چۆن وتراوە) بەستووە، لە جۆری یەکەمدا وەڵامی جۆری ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکان و پرسەکانی بە خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستەواژە و دەقە وتراوەکان دەداتەوە، لە جۆری

دووەمدا وەڵامی دەستەکانی چۆنییەتی بەکارهێنان و بایەخدان بە وێنە و کێشە و پرس و جۆرەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەداتەوە.

**٤- ڕاستی فۆرمی شیکاریی:** توێژەران بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ڕاستێتی و دروستی سەرجەم دەستە و یەکەکانی فۆرمی شیکاری توێژینەوەکە، کە لە (١١) دەستە و (٥٥) یەکەی شیکاریی پێکهاتوون، جۆری ڕاستی ڕواڵەتیان بەکارهێناوە کە گونجاوە لەگەڵ توێژینەوەکانی پەیوەست بە شیکاریی ناوەڕۆک، کە ئامرازی توێژینەوەکەیان پێشکەش بە (٣) پسپۆڕ و شارەزای بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسیی کردووە، دوای هەڵسەنگاندنی ئامرازەکە و لێکدانەوەی ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزایان ڕاستی و دروستی فۆرمی شیکایی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٩٠,٩٠) دیاریکرا، ئەمەش لەڕووی زانستییەوە بە بەهایەکی بەرز دەنرخێندرێت. بڕوانە پاشکۆی (١)

**٥- جێگیری فۆرمی شیکاریی:** بەمەبەستی جێگیری دەستەکانی فۆرمی شیکاریی توێژینەوەکە، توێژەران لەگەڵ خودی خۆیاندا؛ بە پشت بەستن بە پرۆگرامی (SPSS)، لە ڕێگەی هاوکۆلکەی (Pearson Correlation)، هەڵسان بە ئەنجامدانی جێگیری بۆ جاری دووەم پاش تێپەڕبوونی (٢ هەفتە) بەسەر مێژووی شیکاریی یەکەم جاردا، کە (١٠%) لە سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، دەرکەوت: شیکاریی جاری یەکەم ناوەندە ژمێرەکەی (١٢,٦٧)، ناوەندە ژمێرەیی جاری دووەم (١٢,٧١)، بەهای (پێرسۆن)، بە ڕێژەی (٠,٩٩٩) لەسەر ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠٠٠)، ئەمەش بە ڕێژەیەکی بەرز هەژمار دەکرێت بۆ جێگیری ئامرازی توێژینەوە. بڕوانە خشتەی (١)

خشتەی (١)

خستنەڕووی ڕادەی جێگیری توێژینەوەکە

| شیکاریی | ژ | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | بەهای پێرسۆن | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| جاری یەکەم | ٥ | ١٢,٦٧ | ٤٧,٧٠٥ | ٠,٩٩٩ | ٠,٠٠٠ |
| جاری دووەم | ٥ | ١٢,٧١ | ٤٧,٩٦١ | | |

**٦- هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:** توێژەران بە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەیەک ئەنجامەکانی توێژینەوەکەیانیان خستووەتەڕوو، کە بریتین لە:

**ا- دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی:** بۆ بەئاگاداربوون لە چەندجارەی دووبارە بووەکان و وەسفکردنی دەستە و یەکەکانی شیکاری.

**ب- ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری و بەهای پێرسۆن:** بۆ دەرهێنانی ڕادەی جێگیری و نەگۆڕی ئامرازی توێژینەوەکە.

**٧- ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان**

لێرەدا توێژەران بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ڕاڤەکاری و شیکردنەوە بۆ ئەنجامەکانی دەستەی شیکاریی دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە بەهێزترین و لاوازترین دەستە تاووتوێدەکەن.

**ا- دەستەی ژانرە میدیاییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24:**

وەک لە زانیارییەکانی خشتەی (٢) دا هاتووە تایبەت بە ژانرە میدیاییەکانی لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 پەیوەست بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت پەخشکراون دەردەکەوێت: هەواڵ لە پلەی یەکەمدا و زۆرترین بایەخی پێدراوە، کە زۆرێک لە بابەتەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 لە چوارچێوەی ژانری هەواڵدا تایبەت بەو پرسانەی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کاریان لەسەرکراوە ئەمەش لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (عبیده واخرون ٢٠٢١) یەکدەگرێتەوە، پاشان لە پلەی دووەمدا ڕاپۆرت زۆرترین بایەخی پێدراوە تاوەکو کێشە و گرفتەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. وەک لە زانیارییەکاندا ڕوونکراوەتەوە بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت یان کەسانی ئەو توێژە، هەروەها بوونی فیچەر لە پەیامەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 کەمتر بایەخی پێدراوە و لە پلەی (سێیەم، چوارەم و پێنجەم)دا کاریان لەسەرکراوە، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر کەم لە ڕێگەی فیلمی دۆکیومێنتاری و بەرنامەی تایبەت بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت کاریی لەسەرکراوە، ئەمەش بەلایەنێکی نەرێنی بۆ میدیای کوردی لێکدەدرێتەوە بۆ پرسێکی گرنگی وەک ئەو توێژە، چونکە دۆکیومێنتاریی لە دنیای

ئەمڕۆدا وەک ژانرێکی گرنگی میدیایی لێی دەڕوانرێت و کاری پێدەکرێت، هەروەها وتاری رۆژنـامەوانی و ریکـلام بەهیچ شێوەیەک بایەخی پێ نەدراوە. بڕوانە خشتەی (٢)

خشتەی (٢)

ژانرە میدیاییە بەکارهێنراوەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

| ژ | ژانراکان | دووبارەبوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەواڵ | ٢٠ | ٤٣,٥ % | ١ |
| ٢ | راپۆرت | ٩ | ١٩,٥ % | ٢ |
| ٣ | چاوپێکەوتن | ٥ | ١٠,٩ % | ٤ |
| ٤ | فیچەر | ٥ | ١٠,٩ % | |
| ٥ | دۆکۆمێنتاری | ٢ | ٤,٣ % | ٦ |
| ٦ | ووتار | ٠ | ٠ | - |
| ٧ | کۆنگرەی رۆژنامەنوانی | ٥ | ١٠,٩ % | ٤ |
| ٨ | ریکلام | ٠ | ٠ | - |
| | کۆی گشتی | ٤٦ | ١٠٠ | |

**ب- شێوازی گەیاندنی پەیامەکان لە پێگەی K24:**

سەبارەت بە داتا و زانیارییەکانی تـایبەت بە شـێوازی گەیانـدنی پەیـامە میـدیاییەکانی تـایبەت بە پرسـی خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 وەک لە خشـتەی (٣) دەردەکەوێـت: پەیـامە میـدیاییەکان بەرێژەیەکـی بەرز بەشـێوەی نووسراو لە پێگەکەدا بڵاوکراونەتەوە کە لە پلەی یەکەمدا هاتووە، پاشـان بە پـلەی دووەم بـایەخ بە ڤیـدیۆ دراوە و هەنـدێک لە پەیامە نوسراوەکان لەڕیگەی لینکێکـی پـێکەوە بەسـتراوەوە ڤیـدیۆی تـایبەت بەو پرسـە؛ هەنـدێکیان لە ریـگەی راپـۆرتەوە و هەندێکی دیکەیان لەڕیگەی چاوپێکەوتن و کۆنگرەی رۆژنامەوانییەوە پەیامەکان پەخشکراون. هەروەک دەردەکەوێت زمانی ئاماژە وەک شێوازێکی گرنگ و پێویست بۆ گەیاندنی پەیامی میدیایی بەپلەی سێیەم بایەخی پێدراوە و رێژەیەکـی زۆر کەمـی تۆمارکردووە، بەجۆرێک کە لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە پرسـی خوێنـدنی نابیسـتاندا لە پەیمانگـای تـایبەت لەلایەن نابیسـتان خۆیانەوە وتوێژ دەکرا، دەنا کەناڵەکە کەسێکی تایبەت بەو پرسە بۆ گەیاندنی پەیامەکـانی تەرخـان نەکـردووە، کە بایەخپێـدانی ئەرکێکی گرنگی میدیایە بەگشتی و کەناڵە کوردییەکانیش بە تایبەتی. بڕوانە خشتەی (٣)

خشتەی (٣)

شێوازی گەیاندنی پەیامە میدیاییەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

| ژ | شێوازی گەیاندن | دووبارەبوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڤیدۆیی | ٢٢ | ٤٤,٩ % | ٢ |
| ٢ | نووسراو | ٢٤ | ٤٩ % | ١ |
| ٣ | زمانی ئاماژە | ٣ | ٦,١ % | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٤٩ | ١٠٠ | |

**پ- دەستەی جۆرەکانی وێنەی بەکارهاتوو لە بابەت و ژانرە میدیاییەکانی K24:**

وەک لە خشتەی (٤)دا خراوەتەڕوو پێگەی ئەلیکترۆنی K24، زۆرترین بایەخی بە بەکارهێنانی وێـنەی وەسـتاو داوە کە لە پلەی یەکەمدا هاتووە و رێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بـۆئەوەی زۆرتـرین شـێوازەکانی گەیانـدنی پەیامەکانی بەڕێـگەی نووسـراو بـووە کە وێـنەی وەسـتاوی تێـدا بەکـارهێنراوە، هەروەهـا لەزۆرێـک لە ژانرەکـانی دیکەشـدا

بەکارهێنانی هەبووە، ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خشتەی (٣)دا. پاشان لە پلەی دووەمدا وێنەی جوڵاو بوونی هەبووە لەژانر و بابەتە میدیاییەکانی پێگەی K24، بەڵام کەمترین بایەخ بە بەکارهێنانی گرافیک دراوە و کەمترین بابەتی بڵاوکراوەیان بەبێ وێنە بووە، هاوکات هیچ جۆرە ئەنیمەیشنێک لە پەیامەکانیدا بەکارهێنانی نەبووە. بڕوانە خشتەی (٤)

خشتەی (٤)

جۆرەکانی وێنەی بەکارهێنراو لە بابەت و ژانرە میدیاییەکانی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

| ژ | جۆری وێنە | دووبارە بوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | وەستاو | ٢٥ | % ٤٧,١ | ١ |
| ٢ | جوڵاو | ٢٢ | % ٤١,٥ | ٢ |
| ٣ | گرافیک | ٣ | % ٥,٧ | ٣,٥ |
| ٤ | بێ وێنە | ٣ | % ٥,٧ | |
| ٥ | ئەنیمەیشن | ٠ | ٠ | - |
| | کۆی گشتی | ٥٣ | ١٠٠ | |

**ت- دەستەی جۆری وێنەی بەکارهێنراو لە ژانرە میدیاییەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24:**

داتا و زانیارییەکانی خشتەی (٥) ئەوە دەردەخەن کە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 جۆری ئەو وێنەیەی لە پەیامە میدیاییەکانیدا بەکاریهێناون بە پلەی یەکەم پشتی بە وێنەی زیندوو، واتا ئەو وێنانەی لەلایەن کارمەندانی تایبەت بە کەناڵ و پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەدەستهاتوون، تایبەت بەو بابەتەی بڵاویکردوونەتەوە وێنەیان گیراوە، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر کەمتر و لە پلەی دووەمدا وێنەی لە ئەرشیفەوە وەرگرتووە بۆ پرسەتایبەتەکانی توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت و لەگەڵ ژانرە میدیاییەکەدا بەکاریهێناون بۆ روونکردنەوەی زیاتری پەیامەکان. بڕوانە خشتەی (٥)

خشتەی (٥)

جۆری وێنەی بەکارهێنراو لە ژانرە میدیاییەکانی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

| ژ | جۆر | دووبارە بوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زیندوو | ٤٠ | % ٨٠ | ١ |
| ٢ | ئەرشف | ١٠ | % ٢٠ | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ١٠٠ | |

**ج- دەستەی وێناکردن و پیشاندانی کەسایەتی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پەیامە میدیایەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24:**

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٦) دەردەکەوێت: ئەو کەسایەتیانەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتن و لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 پرسێکی تایبەت سەبارەت بە بارودۆخ و کێشەکانی ژیانیان لە پەیامێکی میدیاییدا بڵاوکراوەتەوە و نمایشکراوە، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەیەکی بەرز کەسایەتییە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەشێوەیەکی بەهێز وێناکراون لەڕووی دەستەواژەی بەکارهێنراو بۆ گەیاندنی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکانیاندا و پیشاندانی وێنەی ئەم توێژە، بەڵام کەمتر بەشێوەیەکی لاواز وێناکراون، ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی توێژینەوەکە و پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی لێکدەدرێتەوە. بڕوانە خشتەی (٦)

خشتەی (٦)

وێناکردن و پیشاندانی کەسایەتی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پەیامە میدیایەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24 رووندەکاتەوە:

| ژ | وێناکردنی کەسایەتی | دووبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەهێز | ٣١ | ٤٨,٤ % | ١ |
| ٢ | لاواز | ٢٧ | ٤٢,٢ % | ٢ |
| ٣ | وەک ئەوەی هەیە | ٦ | ٩,٤ % | ٣ |
| | کۆی گشتی | ٦٤ | ١٠٠ | |

**چ- دەستەی شوێنگەی جوگرافیایی ژانرە میدیاییەکان:**

بەپێی داتا و زانیارییەکانی خشتەی (٧) تایبەت بە شوێنگەی ئەو پەیامە میدیایانەی لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 پەیوەست بە پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ژانرەکانیدا بڵاوکراونەتەوە دەردەکەوێت: زۆرترین رێژەی پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە پلەی یەکەم ناوخۆیی بوون، واتا زۆرتر بایەخ بە پرسەکانی خاوەن پێداویستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دراوە و کەمتر گرنگی بە پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتییەکانی جیهان دراوە، ئەوەیشی کە کاری لەسەرکراوە بۆ پاڵپشتی کردنی پرسە ناوخۆییەکان بوون. بڕوانە خشتەی (٧)

خشتەی (٧)

شوێنگەی جوگرافیایی ژانرە میدیاییەکانی پەیوەست بە پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

| ژ | شوێنگە | دووبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوخۆیی | ٣٩ | ٨٤,٨ % | 1١ |
| ٢ | جیهانی | ٧ | ١٥,٢ % | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٤٦ | ١٠٠ | |

**ح- دەستەی پرسی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پەیامە میدیایەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24:**

وەک لە خشتەی (٨) خراوەتەڕوو پرسی تەندروستی لە ریزبەندی یەکەمدایە و زۆرترین رێژەی هەیە لە نێو پرسەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت کە لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەگشتی کێشەی تەندروستی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا یەکێکە لە کێشە سەرەتاییەکانیان کە رووبەڕووی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە، پاشان کێشەی ئابووری لە پلەی دووەمدایە کە ئەو توێژە تایبەتە دێتە بەردەم کارو باری رۆژانەیان و تەنانەت کێشە و گرفتە تەندروستییەکانیان کە ناتوانن چارەسەری پێویستی پێوەربگرن، کە لە زۆرێک لە پەیامەکانی پێگەی K24 دا ئاماژەیان پێدراوە. لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کە بە کێشەیەکی گرنگ و لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگە دادەنرێت لە پلەی سێیەم و چوارەمدا بایەخیان پێدراوە، بەڵام پرسی راهێنانی جەستەیی کە بەسەرەکیترین و گرنگترین پرسەکانی پەیوەست بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دادەنرێت کە پێویستی بە چەندین سەنتەر و پزیشک و راوێژکاری دەروونی و جەستەیی هەیە تاوەکو ئەو توێژە لەڕووی چالاکی جەستەییانەوە بایەخیان پێبدرێت، کەمتر بایەخی پێدراوە، کە ئەمەش بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر دانانرێت بۆ پەیامە میدیاییەکانی پێگەی K24، هەروەها بە کەمترین رێژە پرسی یاسایی وکەلتوری بایەخی پێدراوە.

وەک لە ئەنجامەکاندا دەبینرێت کۆی گشتی یەکەکانی تایبەت بە دەستەی پرسی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆر زیاترە لە ژمارەی دەستەکانی ژانرە میدیاییە بەکارهێنراوەکان، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە ژانرێکدا زیاتر لە پرسێک بایەخی پێدراوە بە تایبەت لە چاوپێکەوتن و راپۆرتە میدیاییەکاندا رەنگدانەوەی هەبووە. بڕوانە خشتەی (٨)

خشتەی (٨)

دەستەی پرسی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پەیامە میدیایەکانی پێگەی ئەلیکترۆنی K24:

| ژ | پرسەکان | دووبارەبوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆشنبیری | ١٣ | ٦,٨ % | ٧ |
| ٢ | تەندروستی | ٣٨ | ٢٠ % | ١ |
| ٣ | کۆمەڵایەتی | ٢٧ | ١٤,٢ % | ٣ |
| ٤ | پەروەردەیی | ٢٥ | ١٣,٢ % | ٤ |
| ٥ | یاسایی | ٤ | ٢,١ % | ٩ |
| ٦ | کلتوری | ٤ | ٢,١ % | |
| ٧ | ئابوری | ٢٨ | ١٤,٧ % | ٢ |
| ٨ | رامیاری | ٨ | ٤,٢ % | ٨ |
| ٩ | راهێنانی جەستەی | ٢٤ | ١٢,٦ % | ٥ |
| ١٠ | خێزانی | ١٩ | ١٠ % | ٦ |
| | کۆی گشتی | ١٩٠ | ١٠٠ | |

**خ- دەستەی جۆری خاوەن پێداویستی تایبەت:**

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٩) تایبەت بە جۆری ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتانەی لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 پرسەکانیان خراونەتەڕوو، دەردەکەوێت: بەگشتی پێگەی K24 بایەخی بەو پرسانە داوە کە هەمووجۆرەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی لەخۆگرتووە، کە بەرزترین رێژەی هەیە و لە پلەی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەوە پرسی کەسانی ئۆتیزم لە پلەی دووەمدا بایەخی پێدراوە، بەڵام کەمترین بایەخ بە کەسانی نابیست و ئەو کەسانەی کێشەی دەروونیان هەیە دراوە، ئەم ئەنجامەش تەواو یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خشتەی (٣) دا، چونکە کەمتر گرنگی بەزمانی ئاماژە دراوە کە پەیوەستن بە کەسانی نابیست و دەتوانن لەو رێگەیەوە لە پەیامە میدیاییەکان بگەن. بڕوانە خشتەی (٩)

خشتەی (٩)

دەستەی جۆری خاوەن پێداویستی تایبەت لە پەیامە میدیاییەکاندا روون دەکاتەوە:

| ژ | جۆر | دووبارە بوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نابینا | ٨ | ١٣,١ % | ٤,٥ |
| ٢ | کورتەباڵا | ٨ | ١٣,١ % | |
| ٣ | نابیست | ٥ | ٨,٢ % | ٦,٥ |
| ٤ | دەروونی | ٥ | ٨,٢ % | |
| ٥ | ئۆتیزم | ١١ | ١٨ % | ٢ |
| ٦ | تالاسیما | ٢ | ٣,٣ % | ٨ |
| ٧ | جەستەی | ٩ | ١٤,٨ % | ٣ |
| ٨ | تایبەت بە هەموویان | ١٣ | ٢١,٣ % | ١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ٦١ | ١٠٠ | |

**د- دەستەی نیشاندانی کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پەیامە میدیاییەکانی پێگەی کەناڵی K24:**

زانیارییەکانی خشتەی (١٠) روونی دەکاتەوە کە پێگەی K24 لە ژانرە میدیاییەکانیدا بەرێژەیەکی زۆر و لە پلەی یەکەمدا بایەخی بە کێشەی پەیوەست بە چۆنییەتی بژێوی ژیانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت داوە، کە بەهۆی باردۆخی تایبەتیانەوە دەرفەتیان بۆ نەرەخساوە کار و بژێوی ژیانی رۆژانەیان باشتر بکەن، پاشان لە پلەی دووەمدا کێشەکانی تایبەت بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت جەختی لەسەرکراوەتەوە، کە چۆن ڕووبەڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەبنەوە لەگەڵ کەسانی کۆمەڵگە و دەوروبەریاندا. وەک دەردەکەوێت باسکردن لە نائومێدیان سەربارەت بە ژیان و گوزەرانی ئەو توێژەی کۆمەڵگە لە پلەی سێیەمدا بایەخی هەبووە، کەمتر باس لە کێشەکانی خۆبەکەمزانی و هەستکردنیان بە تاوان لە پێگەی K24 گرنگی پێدراوە. بروانە خشتەی (١٠)

خشتەی (١٠)

نیشاندانی کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پەیامە میدیاییەکاندا رووندەکاتەوە:

| ژ | کێشە | دووبارەبوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەڵچوونی دەروونی | ١٥ | ١٣,٩ % | ٤ |
| ٢ | بژێوی | ٢٦ | ٢٤,١ % | ١ |
| 3 | خۆبەکەمزانی | ١٠ | ٩,٣ % | ٦ |
| 4 | هەستکردن بەتاوان | ٤ | ٣,٧ % | ٧,٥ |
| 5 | پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکان | ١٩ | ١٧,٥ % | ٢ |
| 6 | کاری پیشەیی | ١٢ | ١١,١ % | ٥ |
| 7 | نائومێدی | ١٨ | ١٦,٧ % | ٣ |
| 8 | هەمووی | ٤ | ٣,٧ % | ٧,٥ |
| | کۆی گشتی | ١٠٨ | ١٠٠ | |

**ڕ- دەستەی دەستەواژەی بەکارهاتوو تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پەیامە میدیایەکانی پێگەی کەناڵی K24:**

ئەو دەستەواژانەی لە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بۆ پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پەیامە میدیاییەکانیاندا بەکارهێنراوە، وەک لە زانیارییەکانی خوارەوەدا خراونەتەڕوو، دەردەکەوێت: بە پلەی یەکەم دەستەواژەی ئەرێنی بەکارهێنراوە و کەمتر بەشێوەیەکی نەرێنی دەستەواژەی نەرێنی و نەگونجاو بۆ ئەو کەسایەتییانە بەکارهێنراوە، ئەم ئەنجامە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی خشتەی (٦) کە بەشێوەیەکی بەهێز وێنا کراون و وێنەیان پیشاندراوە. بروانە خشتەی (١١)

خشتەی (١١)

دەستەواژەی بەکارهاتووی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە پەیامە میدیاییەکانی پێگەی K24:

| ژ | دەستەواژە | دووبارە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەرێنی | ٤٠ | ٦١,٥ % | ١ |
| ٢ | نەرێنی | ٢٥ | ٣٨,٥ % | ٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٥ | ١٠٠ | |

**ز- دەستەی رادەی گونجاندنی وێنە لەگەڵ دەستەی ئاماژەکراو بە توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت:**

بەپێی داتا و زانیارییەکانی خشتەی (١٢) دەردەکەوێت: کە پێگەی ئەلیکترۆنی K24 ئەو وێنانەی لەگەڵ دەستەواژە ئاماژەکراوەکانی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکارهێنراوە بە پلەی یەکەم بەتەواوەتی گونجاون، بەجۆرێک توانیویەتی هاوسەنگی و گونجاوی لەگەڵ دەستەواژە و دەقی بەکارهێنراودا وێنەی گونجاو بەرجەستە بکات. هەروەها بە پلەی دووەم وێنەکان تاڕادەک گونجاون لەگەڵ دەستەواژەکاندا، بەڵام کەمترین وێنەی نەگونجاو بۆ دەقەکان بایەخی پێدراوە، ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی توێژینەوەکە بەهەند وەردەگیرێت. هەروەک دەردەکەوێت کۆی گشتی یەکەکانی تایبەت بە دەستەی گونجاندنی وێنە لەگەڵ دەستەواژەی ئاماژەکراودا زۆر زیاتر لە ژمارەی ژانرە بەکارهاتووەکان، کە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ژمارەیەکی زۆر دەستەواژە و دەق بەکارهێنراوە کە زۆر زیاترە لە ژمارەی ژانرە میدیایی و وێنە بەکارهێنراوەکان. بڕوانە خشتەی (١٢)

خشتەی (١٢)

دەستەی رادەی گونجاندنی وێنە لەگەڵ دەستەی ئاماژەکراو بە توێژی خاوەن پێداویستی تایبەت:

| ژ | گونجاندنی وێنە | دووبارەبوونەوە | % | پلە بەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەتەواوەتی گونجاوە | ١٢٥٧ | % ٨١,٣ | ١ |
| ٢ | تاڕادەیەک گونجاوە | ١٤٢ | % ٩,٢ | ٢ |
| ٣ | گونجاو نییە | ٩٧ | % ٦,٣ | ٣ |
| ٤ | بەتەواوەتی گونجاو نییە | ٥١ | % ٣,٢ | 4٤ |
| | کۆی گشتی | ١٥٤٧ | ١٠٠ | |

**دەرئەنجام:**

توێژەران دوای شیکارکردن و خستنەڕووی ئەنجامەکان گەیشتنە ئەم دەرئەنجامانە:

١- پێگەی ئەلیکترۆنی K24 بەڕادەیەکی زۆر بایەخی بەبوونی کێشەکانی پەیوەست بە بژێوی ژیانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت داوە، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لە نێو کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بە جۆرێک نەتوانراوە لەلایەن کۆمەڵگە و بەتایبەتی دام و دەزگا حکومی و ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ دەستکەوتنی کار و پیشەی تایبەت بە خۆیان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان، هاوکات ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی دێتە ڕێگایان جۆرێک لە نائومێدیان پێدەبەخشێت.

٢- پێگەی K24 هەوڵیداوە سەرجەم و پرس و بابەتە دیارەکانی پەیوەست بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەبەرچاوبگرێت، کە لە پلەی یەکەمدا بایەخی بە پرسی تەندروستی داوە، پاشان پرسی ئابوری بەهەند وەرگرتووە، بەڵام کەمترین بایەخی بۆ پرسە یاسایی و کەلتورییەکان هەبووە، کە ئەمەش بە لایەنێکی نەرێنی توێژینەوەکە وەردەگیرێت لە کاتێکدا یاسا و کەلتور یەکێکن لە کۆڵەکەکانی بەردەم کێشە و پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توێژێکی هەستیار و بەبایەخ. هەروەک زۆرترین پرسەکان لە ڕێگەی ژانری هەواڵەوە بڵاوکراونەتەوە و زۆرترین وێنەی وەستاو بەکارهێنراوە، لەکاتێکدا دۆکیومێنتاری لە دنیای ئەمڕۆی میدیادا بەیەکێک لە بابەتە میدیاییە گرنگەکان دادەنرێت، بەڵام پێگەی K24 کەمترین بایەخی پێداوە کە دەتوانرێت بۆ پرسێکی لەو جۆرە بە باشترین و کاریگەرترین شێوە کاری لەسەر بکرێت.

٣- پێگەی ئەلیکترۆنیK24 لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکانیدا، زۆرترین بایەخی بەشێوەی نوسراو و ڤیدیۆیی داوە و کەمترین بایەخی بۆ زمانی ئاماژە هەبووە، لەکاتێکدا هەندێک لە کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە جۆری نابینا و نابیستن، ناتوانن پەیامە میدیاییەکان وەربگرن، هەرچەندە پێگەکە بایەخی بە زۆرترین جۆری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان داوە، بەتایبەتی جۆری ئۆتیزم ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە، کە یەکێکە لەو کێشانەی ئێستا زۆرێک لە خێزانەکانی گیرۆدە کردووە. هاوکات هەوڵیداوە بەشێوەیەکی ئەرێنی دەستەواژەی بەکارهێنراو بۆ دەرخستنی کێشە و پرسەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەکاربهێنێت، هەروەها بەشێوەیەکی بەهێز ئەو کەسایەتیانەی وێنا کردووە لە گەیاندنی پەیامەکانیدا، ئەمەش بەشێوەیەکی ئەرێنی بۆ توێژینەوەکە ئەژمار دەکرێت.

**ڕاسپاردە:**

١- پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان گرنگی بدەن بە بەرنامەی تایبەت بەکەسانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و بتوانن لەڕێگەی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیومێنتاری کێشە جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانیان بخەنە بەردەم ڕایگشتی.

٢- پێگە ئەلکترونییە کوردییەکان گرنگی بدەن بەشێوازی نووسین و زمانی ئاماژە لەکاتی پێشکەشکردنی پەیامەکانیان تایبەت بەخاوەن پێداویستی تایبەت.

٣- پێویستە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، لە کارنامە و پلانی ڕۆژانەیاندا کار لەسەر گەیاندنی پرس و پێداویستی و کێشەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەن، بەجۆرێک پەیامەکانیان لە ئاست توانا و وەرگرتنی کەسانی خاوەن پێداویستی بێت بەپێی جۆری کەم ئەندامییەکەی.

**پێشنیار:**

١- ئەنجامدانی توێژینە سەبارەت بە بایەخپێدانی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە بەکارهێنانی زمانی ئاماژە بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە کەسانی نابیست.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کەم ئەندامانی هەرێمی کوردستان.

**یەکەم: ماستەر نامە**

١- أطرش، إياد مصطفى عبدالفتاح (٢٠١٢): **معالجة المواقع الإخبارية، الإلكترونية العربية، لواقع الأقباط في مصر دراسة تحليلية مقارنة، لموقعي الجزيرة نت والعربية نت، رسالة ماجستر (غيرة منشور)**، جامعة الأزهر، غزة.

٢- حەسەن، نەبەز ئەحمەد (٢٠١٧)، **بەکارهێنانی شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (KNN)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)**، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن- تەلەڤزیۆن.

٣- فتح الله، ابراهيم سعيد (٢٠١٢): **الخطاب الاعلامي في الاذاعات الدولية الموجهة للكورد: دراسة تحليلة للقسم الكوردي في اذاعتي صوت امريكا و صوت روسيا. اطروحة دكتوراه (غير منشورة)**، جامعة السليمانية. فاكلتي اللغات و العلوم الانسانية. قسم الاعلام.

٤- کریم، سارا صالح (٢٠٢٣): **گونجاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی خێزانی خاوەن منداڵی داون سیندرۆم، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)**، (زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کاری کۆمەڵایەتی)، سلێمانی.

**دووەم: بڵاوکراوەکان**

١- خيرالله، إسماعيل (٢٠١٥): **دور مكاتب التأهيل الاجتماعي في توفير الرعاية الاجتماعية، بحث المنشوره في مجلة الارشاد النفسي**، مركزالارشاد النفسي، عدد (٤٣).

٢- عبده، سالم احمد و اخرون (٢٠٢١): **تعرض ذوى االحتياجات الخاصة للصحف االلكترونية المتخصصة في االعاقة وعالقتها بإدراك الواقع االجتماعى لديهم، المجلة المصرية للدراسات المتخصصة، المجلد (9)، العدد (30)**، القاهرة.

٣- منصور، آية سمير صالح (٢٠٢٠): **تناول مواقع التواصل االجتماعي لقضايا ذوي االحتياجات الخاصة، المجلة العلمية لبحوث اإلعالم وتكنولوجيا اإلتصال، العدد الثامن يوليو – ديسمبر**.

٤- نصرالله، واحدە حمەویس و عارف، شڤان عبدالكريم (٢٠٢٣/٣/٣٠): **(کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی نابینایان) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، Volume 8، Issue 1**، هەڵەبجە.

**سێیەم: کتێبە کوردییەکان**

١- حمە سەعید، نەزاکەت ( ٢٠١٩): **سۆسیۆلۆژیای ڕاگەیاندن**، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢- ئەحمەد، ئاراز ڕەمەزان (٢٠١٩): **دیجیتاڵ میدیا و زانینی سیاسی ڕۆڵی پێگە ئەلیکترونییەکان لە پێکهێنانی زانینی سیاسی لەهەرێمی کوردستان**، بە بێ شوێنی چاپ.

**چوارەم:کتێبە عەرەبییەکان**

١- ابراهيم، مروان عبدالمجيد ( ٢٠٠٢): **الرعاية الاجتماعية للفئات الخاصة، تربويا رياضيا، تاهيل**، مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع، عمان.

٢- الأحمد، حسام الدين (٢٠١٦): **حماية حقوق ذوي الاحتياجات الخاصة في الأنظمة والتشريعات الخليجية**، مكتبة القانون والاقتصاد للنشر والتوزيع.
٣- جديد، نزار بشير (٢٠١٤): **الإعلام المقروء- بين الصحافة الورقية و الصحافة الإلكترونية**، دار الإعصار العلمي للنشر والتوزيع، عمان.
٤- رماح، مخلص عبد السلام (٢٠٢٠): **الخدمة الاجتماعية في رعاية المعاقين**، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
٥- الزرارع، نايف عابد و حيمور، عبد الهادي عيسى (٢٠١٧): **تاهيل ذوي الاحتياجات الخاصة مقدمة في التأهيل الشامل للافراد ذوي الاعاقة**، دار الفكر، عمان.
٦- السامرائي، مصعب سلمان أحمد (٢٠٠١): **رعاية ذوي الاحتياجات الخاصة ودورهم المعرفي**، دار زهراء الشرق للنشر، بدون مكان.
٧- سلطان، عبدالمحسين عبدالمقصود (٢٠٠٥): **دور المجتمع نحو ابنائه من ذوى الاحتياجات الخاصة**، دارالعلم والثقافة للنشر والتوزيع، بدون مكان.
٨- سليمان، زيد منير (٢٠٠٩): **الصحافة الالكترونية**، دار اسامة، عمان.
٩- السوداني، حسن و المنصور، محمد (٢٠١٦): **شبكات التواصل الإجتماعي و تأثيرها على جمهور المتلقين**، بدون مطبعة، عمان.
١٠- السيد سالم وآخرون (٢٠١٨): **قضايا ومشكلات ذوي الاحتياجات الخاصة، علم نفس واجتماع**، بدون المطبعة و مكان.
١١- سيد سليمان، عبد الرحمان (٢٠٠٧): **سيكلوجية ذوي الإحتياجات الخاصة**، مكتبة زهرا الشرق، قاهرة.
١٢- عبد الحليم، خليلى ( ٢٠٠٧): **مستوى الاحتراق النفسي لدى مربي الأطفال ذوى الاحتياجات**، المكتبة الكترونية، بدون مكان.
١٣- عبد الفتاح، على (٢٠١٤): **الصحافة الإلكترونية في ظل الثورة التكنولوجيا**، دار اليازوري للنشر والتوزيع، عمان.
١٤- فهمي، محمد سيد (٢٠٠٥): **التاهيل المجتمعى لذوي الإحتياجات الخاصة**، المكتب الجامعي الحديث، اسكندرية.
١٥- القمش، مصطفى نوري (٢٠١٣): **الاعاقات المتعددة**، ط٣، دار المسيرة للنشروالتوزيع، عمان.
١٦- محمود، رضوى محمد (٢٠٢٠): **دور الاعلام في مجال التربية الخاصة**، مجلة العربية لعلوم الاعاقة والموهبة.
١٧- نامق، جنار (٢٠١٩): **دور المواقع الكترونية الكوردية - في تشكيل الرأي العام حول انتهاء حقوق الايزيدية**، دار غيدان للنشر والتوزيع، عمان.
١٨- النوايسة، فاطيمة عبدالرحيم (٢٠١٣): **ذوو الحتياجات الخاصة، التعريف بهيم وارشادهم**، دارالمناهج لللنشر والتوزيع، عمان.
١٩- يحى، خولة احمد و عبدلله، ايمن يحي (٢٠٠١): **سيكولوجية ذوي الحتياجات الخاصة وتربيتهم**، ط٣، دار االفكر العربي، الاردن.

**پێنجەم:سەرچاوەی ئینتەرنێت**

١-وێب سایتی کوردستان ٢٤، ١٧ی ١٢ی ٢٠٢٤ کاتژمێر(١:٣٠ پاش نیوەڕۆ)،
https://www.kurdistan24.net/ckb/about

**پاشکۆی-١-**

**کرداریی ئاماریی بۆ دەرهێنانی راستی و دروستی دەستەکانی شیکاریی ئامرازی توێژینەوەکە:**

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | دەستە پەسەندکراوەکان | دەستە پەسەند نەکراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ. د. ابراهيم سعيد فتح الله | راگەیاندن/ ئێزگە و تەلەڤزیۆن | ١١ | - |
| ٢ | پ.ی.د. لقمان صالح كريم | کۆمەڵناسی | ٨ | ٣ |
| ٣ | پ.ی.د. كاروان محمد حسن | راگەیاندن/ تەلەڤزیۆن | ١١ | - |
| | کۆی گشتی | | ٣٠ | ٣ |

ژمارەی گشتی دەستەکانی شیکاریی= ١١
ژمارەی شارەزایان و پسپۆڕان= ٣
کۆی گشتی دەستەکانی شیکاری= ژمارەی دەستەکانی شیکاریی × ژمارەی شارەزایان و پسپۆڕان

۱۱ ×۳ = ۳۳

کۆی دەستە پەسەندکراوەکان = ۳۰

کۆی گشتی دەستە پەسەند نەکراوەکان = ۳

ڕاستی و دروستی دەستەکانی شیکاریی = کۆی گشتی دەستە پەسەندکراوەکان ÷ کۆی گشتی دەستەکانی شیکاریی × ۱۰۰

۳۰ ÷ ۳۳× ۱۰۰ = ۹۰,۹۰

**The importance of websites to the issue of people with disabilities**

**Summary:**
This study explores the attention that Kurdish Media websites, specifically K24, devote to issues affecting people with special needs, a significant and sensitive segment of society. Using a descriptive methodology and content analysis, the research examined 46 randomly selected articles published on the K24 website over a six-month period (from July 1, 2023, to December 31, 2023). The purpose of the study is to assess how Kurdish websites address the challenges faced by people with special needs, the level of attention given to disability-related issues, and the extent to which Kurdish media incorporates their perspectives when delivering messages.
The main findings of the study include:
1. The K24 website has shown considerable interest in issues concerning the livelihood of people with special needs and the social challenges they face. Although have not yet provided adequate opportunities for people with special needs to secure employment, which has led to feelings of disappointment among this group.
2. K24 has aimed to cover a broad range of issues affecting people with special needs, with particular emphasis on health-related topics, followed by economic concerns.
3. The K24 website has predominantly focused on delivering content through written articles and video messages, while providing minimal attention to sign language, which limits accessibility for people with visual or hearing impairments. Additionally, has employed respectful language to portray individuals with special needs positively, aiming to represent them in a dignified and empowering way.
**Keywords**: Interest, website, people with special needs

sjh@univsul.edu.iq